سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ سەرکۆمار کۆبووەوە

ئەمڕۆ یەکشەممە 2024/4/28 نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ د. لەتیف ڕەشید سەرکۆماری عێراقی فیدراڵ کۆبووەوە.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتی هەرێم بڵاویکردەوە :-لەو کۆبوونەوەکەدا دۆخی گشتیی عێراق و گرنگیی پاراستنی ئارامی و سەقامگیری، بەرەودان بەو پێشخستنی کەرتی ئابووری و خزمەتگوزاری، پشتگیری لەو حکوومەتی فیدراڵ بۆ جێبەجێکردنی کارنامەکەی، گفتوگۆی هەوڵێر ـ بەغدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان بەپێی دەستوور و هاریکاری و هەماهەنگیی نێوان حکوومەتی فیدراڵ و حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەو هەموو بوارەکاندا، تاوتوێ کرا.

هەردوولا جەختیان لەو پتەوکردنی پەیوەندییەکانی هەوڵێر ـ بەغدا و سەرخستنی گفتوگۆی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوانیان کردەوە، هەروەها باسیان لەو سەردانی سەرۆك وەزیرانی عێراقی فیدراڵ بۆ ئەمەریکا و سەردانی بەڕێز سەرکۆماری تورکیا بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان و ئەنجامی هەردوو سەردانەکەو کرد بۆ بەرەودان بەو پەیوەندییەکان عێراق لەگەڵ ئەمەریکا و

تورکیا، بەتایبەتی لە بواری ئابووری و بازرگانیدا، لەگەڵ هاریکاریی هاوبەش بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر.

سەرۆك نێچیرڤان بارزانی، دووپاتی کردەوە کە هەرێمی کوردستان ئامادەی چارەسەرکردنی کێشەکانیەتی لەگەڵ بەغدا بە گفتوگۆ و لێکگەیشتن لەسەر بنەمای دەستوور، لە سەرووبانەوە ئەو پرس و کێشانەی پەیوەندییان بە دۆخی ژیان و گوزەرانی هاووڵاتیانەوە هەیە. هەر لەمبارەیەوە سەرکۆمار باسی لە گرنگیی بەردەوامیی دیدار و سەردانەکانی شاندی هەردوولا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان کرد.

لە کۆبوونەوەکەدا سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرکۆماری عێراقی فیدرال، سەرکۆنەی هێرشی درێنیی پێڕۆشەوی سەر کەڵگەی گازی کەرەریان لە سنووری پارێزگای سلێمانی کرد و هێرشەکەیان بە دەستدرێژی بۆ سەر سەروەری و هەڵەشە لە ئارامی و سەقامگیریی وڵات، لە قەڵەم دا.